# ئەی میللەت! سەیری هەڵوێست و کاروکردەوەکانی سەرانی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵە بکەن کە ئێمە هەمانە!؟

ئەمڕۆ لە پێگەی (هاوڵاتی) دا یەکێ سەیروسەمەرەترین، بەڵام پڕ لە کارەساترین هەواڵەکانم بینی کە نووسرابوو دەسەڵات مووچەی 600، (بەنووسینیش شەشسەدەکەتان بۆ دەنووسم، نەك بەهەڵە، بە هەڵەی چاپی تێبگەن!؟) پێشمەرگە و کەمئەندامی (کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان!؟)ی بڕیوە. لێرەدا جارێ بەر لەهەر باسوخواسێك با هەواڵەکەی ناو پێگەی هاوڵاتیتان وەکوو خۆی بۆ بگوێزمەوە:

حکومەت موچەی 600 پێشمەرگەی خانەنشین‌و کەمئەندامی کۆمەڵ رادەگرێت

24/5/2011

دڵشاد ئەنوەر

بەرپرسێکی باڵای کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان رایگەیاند حکومەتی هەرێمی کوردستان موچەی 600 پێشمەرگەی خانەنشین‌و کەمئەندامی حیزبەکەیانی راگرتووە.

عەبدوستار مەجید ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی لەلێدوانێکیدا بۆ سایتی هاوڵاتی وتی "لەم مانگەوە حکومەت موچەی 500 پێشمەرگەی دێرینی حیزبەکەمانی راگرتووە کە خانەنشینکرابوون، هەروەها موچەی 100 پێشمەرگەی کەم ئەندامیشی راگرتووە."

هەروەها وتی "بڕینی موچەی ئەو 600 کەسە، لەکاتێکدا بەپێی بڕیاری پەرلەمان خانەنشینکراون و موچەیان بۆ بڕدراوەتەوە، بەو پێیەش حکومەت بڕیاری پەرلەمان پێشێلدەکات."

لەدوای دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان لە 17 شوباتی رابردووەوە، حکومەتی هەرێم مینحەی هەر سێ لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکە (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ)ی راگرت.

لێرەدا نامەوێت سەری ئێوەی خوێنەرانی بەڕێز بە باسکردنی هەڵوێستەکان و کاروکردەوەکانی رابردووی بەرپرسانی ئەم دەسەڵاتە کوردییە و سەرانی پارتی و یەکێتییەوە بئێشێنم، ئەمە نووسینی چەندین بەرگی گەورە، پەڕتووکی دەوێت، وەك هاونیشتمانییەکی ئاسایی، زۆر بە سادە و ساکاری و زۆر بە کورتی تەنها چەند وشەیەك لەسەر دوو وشەی نێو ئەو هەواڵە دەنووسم: 1- پێشمەرگە 2- کەم ئەندام.

هەمووومان ئەو راستییانە باش دەزانین کە ئەم گروپە ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوانە، کە دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، بۆ دوژمنایەتی کردنی کورد و کوردایەتی، بۆ

بەئیسلامکردنی کۆمەڵگەی کوردستان و لە راستیدا بۆ (بەعەرەبکردنی) کورد و کوردستان دروستیان کردوون و بۆ ئەم مەبەست و ئامانجە ناڕەوایانەی خۆیان، بەردەوام هەموو جۆرە کۆمەك و پشتیوانییەکیان پێشکەش کردوون و دەکەن.

با بێینە سەر وشەی یەکەم: پێشمەرگە: پێشمەرگەی چی!؟ و پێشمەرگەی کەی!؟ و پێشمەرگەی کوێ!؟

ئەوە زۆرتر لە نیوسەدەیە خەبات و بەرگری و بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی چەکدارانە لە باشووری کوردستاندا کڵپەی سەندووە و بەردەوام شەڕ و پێکدادان و شۆڕش و بەرگری لە نێوان میللەت و هێزە سیاسییە شۆڕشگێرەکانی کوردستان لە لایەك و دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستانیش لەلایەکەی تر هەر بەردەوام هەبووە و بووە، لە ماوەی ئەم نیوسەدەیەدا لە نێو کورد و کوردستاندا، لە هیچ کات و شوێنێکدا، ناوی هیچ گروپێکی ئیسلامیمان نەبیستوە و بە خەویش بوونیان نەبووە، ئیتر ئەم 600 شەشسەد پێشمەرگە دێرینەی ئەو گروپە ئیسلامییە تەعریبچییە لەکوێوە پەیداکران!؟ دەی باشە با دەسەڵات و ئەو گروپە بەکرێگیراوە خۆیشیان لیستی ناوەکانی ئەو گوایە (پێشمەرگە) یانەمان بۆ بنووسن و ناوی سییانی و مێژووی شوێن و لەدایکبوونیان بخەنە بەردەستی میللەت. ئەوانە کێ بوون و کوری کێ بوون و لەلای چ هێز و چ سەرکردە و فەرماندەیەکی شۆرش و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان پێشمەرگە بوون و بوونیان هەبووە و خەباتیان کردووە!؟ بێگومان هەرگیز نابێت چاوەڕوانی بینینی لیستێکی خەیاڵیی لەو بابەتە بکەین، چونکە ئەو ناوانە، ئەو کەسانە، وەکو (پێشمەرگە!؟)، هەگیز نەبوون و بوونیان نەبووە، مەگەر هەر بۆ (بودجە) بەفیرۆدان، لە خەون وخەیاڵدا پێشمەرگە بووبێتن!؟ بێگومان ئەوانە هەموو کەسانی بێ رابردوو و بێ بەرهەمی سەر بەو گروپە بەکرێگیراوەن.

وشەی دووەم: کەم ئەندام: کامانەن ئەو کەم ئەندامانەی ئەو گروپە نێرۆریستە!؟ بۆ کۆمەڵگای کوردستان ئێستا بە هەزاران کەم ئەندام و پەککەوتەی تێدا نییە!؟ ئەی مووچە بۆ ئەوانی تر بۆ نەبڕاوەتەوە!؟ ئەمە با هەر باسی ئەوە نەکەین کە مووچەی خانەنشینی هەتا ئێستا بۆ هەزاران پێشمەرگەی دێرینی راستینە نەبڕاوەتەوە!؟ ئەی ئەو هەژار و پەککەوتە و کەمئەندامانەی تری نێو کۆمەڵگا، هاونیشتمانیی کوردستان و ئەندامی کۆمەڵگە و مرۆڤ نین!؟ ئەمانە نابێت خزمەتبکرێن و مافی ژیانیان هەبێت!؟

بەم پەیڤە سادانە لە سەرمایەدارە میلیۆنەر و میلیاردەرەکانی سەرانی دەسەڵات و پارتی و یەکێتیی دەپرسم ،ئایا کامەیان مرۆڤایەتی و کوردایەتییە!؟ مووچە بڕینەوە بۆ ئەو 600 ئیسلامییە سیاسییە بەرێگیراوە مشەخۆرانە، یان بۆ هەزاران لە منداڵانی بەرگشر و برسی و بێدەرەتانی کوردستان، منداڵانی بێبەری لە هەموو پێداویستی و خۆشگوزەرانییەکی ژیان!؟

با لێرەدا بەبیری سەرانی بێویژدان و ناپەرپرسیار و گەندەڵی ئەم پارتی و یەکێتی و ئەم دەسەڵاتە گەندەڵەی خۆمانی بهێنمەوە کە ئەمەیە رابردووتان و هەڵوێست و کاروکردەوەکانتان، هەربۆیە بەردەوام ،لەبەردەم نەفرەت و تورەیی میللەت و ئەم نەوە نوێیە، بێ کار و بێ چارەیەدا دەبن. بەڵی ئەی سەرانی دەسەڵات و پارتی و یەکێتی، پەند و وانە لە مێژوو وەربگرن، ئەگەرنا، لە ئێستا و لە داهاتوودا، لەلایەن جەماوەرەوە هەرچییتان پێبگوترێت، هەرچیتان لەسەر بنووسرێت، هەرچیتان لێبکرێت، هێشتا هەر کەمە... هەر کەمە ... هەر کەمە! ...

نووسینی: مەریوان کەریم ئاغا (پێشمەرگەی دێرین)

24-5-2011